بەرنامەی پەروەردەیی منداڵان

بەرگی یەکەم

نووسینی:
د.ابراهیم عبدالرحمن العانی

وەرگێڕانی:
شێروان أحمد



24251

لە بلاوکراوەکانی بەشی (ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری)

ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان زنجیرە(٥)

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب بە عەرەبی: منهاج طفل المسلم

ناوی کتێب بە کوردی: بەرنامەی پەروردەیی منداڵان

نووسەر: د.إبراهيم عبدالرحمن العانی

وەرگێڕانی: شێروان أحمد

نۆرەی چاپ: یەکەم- ١٤٣٣ هـ - ٢٠١٢م - ٢٧١٢ ك

نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆك: قاسم سروش

تایپ و هەڵەچن: کەیوان خۆشناو

بەرهەمی: ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٦٤٨)ساڵی (٢٠١٢) دراوەتێ

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library



پێشەکی وەرگێڕ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين ، الصلاة وسلام على رسول الله (صلى الله عليه وسلم)

کتێبی (منهاج طفل المسلم) که خۆی له شەش بەرگ دەبێنێتەوەو لەلایەن (د.ابراهیم العانی) نوسراوە ، بە خوێندنیشی منداڵان (بەڵکو گەورانیش) زانیارییەکی باش پەیدا دەکەن لەسەر بابەتەکانی (ئادابی ئیسلامی و ، بیروباوەڕ ، فقە ، ژیانی پێغەمبەر ، ڕاڤەی قورئان ...) .

جا لەبەر گرنگی ئەم کتێبە برایانی (نووسینگەی هەولێری ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان) پێشنیاری وەرگێڕانی کتێبەکەیان کردو دانەیەکی کتێبەکەیان پێدام ، منیش پێم باش بوو و دەستم کرد بە وەرگێڕانی و بەرگی یەکەمم تەواو کرد ، دواتر هەریەک لە مامۆستایەیانی بەڕێز (م.محمد سینەمۆکی ، م.خالص قادر ، م.شوان رابەر) پێداچوونەوەیەکی خێرایان بۆ کتێبەکە کرد ، کە (ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان) ئەرکی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەیان گرتە ئەستۆ ، دوای ئەوە بەر لە چاپدانی لەڕێگەی ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان پەیوەندی کرا بە بەڕێز(د.ابراهیم- کە خۆی نیشتەجێ ی وڵاتی سوریایە ، بەڵام ئەوکات لە سەفەر بوو لە وڵاتی تورکیا-) نوسەری کتێبەکەو مۆڵەتی وەرگێڕان و لە چاپدانی کتێبەکەی بۆ خواستراء ، پاشانیش دیزاینەکەی بۆ کراو ئامادەی چاپ کرا ، لە ئێستادا ئەوە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیە ، لەخوای پەروەردگار داواکارین هاوکارمان بێت و لە داهاتوویەکی نزیکدا (ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان) بەرگەکانی تر بخەتە بازاڕەوە.


بەو هیوایەین خوای گەورە لێمانی قەبوڵ کردبێت و بیکاتە چاکەیەک و بیخاتە سەر تەرازووی چاکەکانمان لە قیامەت .

شێروان احمد

شەممە / ١٩ی رجب ی ١٤٣٣ ی کۆچی

٢٠١٢/٦/٩

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library



بەناوی خودا بەخشندەو میهرەبان

لە ڕاستیدا جێگای دل خۆشی بوو بۆمن کاتێ ببینم (برایەک) یا (کۆمەڵێک لە گەنجانی) دڵسۆزی دین و ژینی ئەم گەلە خۆشی لەخۆنەدیوەی کەدەیان ساڵە بەدەستی کەسە ستەمکارو کوێرەکانی و ڕێچکە فریودەرە هاوردەو دەرەکی یەکانە وە دەنالێنێ و فریاد ڕەسێکی ڕاستەقینەو دڵسۆزو بەپەرۆش و لێزانی واش نەهاتۆتە مەیدان تا تێکڕای گەل و ڕۆڵەکانیان لکاوی ئائومێدی ببینێتە دەرەوەو بەکانی سازگاری ڕاست و دروستی ئیسلامیان ئاشنا بکات .

بەڵام سوپاس بۆخوا وا ئێستا دەبینین پۆڵێ لە گەنجان و خەمخۆرانی ئیسلام بە ڕۆژەی پێشکەوتووی وا دێنە مەیدان تا ئایندەی گەل و ڕۆڵەکانیان پڕشنگدار بێت و نەوەی نوێ و داهاتوو لە بڕی نەفرەت نارین ڕەحمەت ناردەبن بۆمان .

بۆیە جێگای خۆیەتی ئێمە تێکڕا دەست خۆشی لەو پڕۆژەیە بکەین و لەناو مزگەوت و ماڵەکان و سەرجەم بنکە پڕ لەخێرو چاڵاکەکان بیکەینە بەرنامەی کارو ڕۆڵەکانمانی لەسەر پەروەردە بکەین ، تا کەڵە ئافرەت و کەڵە پیاوی دەم و داوێن پاک و دڵسۆز بە خۆو بە خواو بە خەڵک و بە خاک و نیشتیمان پێ بگەیەنین و هەموومان لەژێر سێبەرەکەیان هەناسەی پاک و خاوێن هەڵمژین نەک هەوای پیس و ژەنگاوی و ژەهراوی.

پێشینانمان فەرموویانە (قسە هەزارەو یەکی بەکارە) دەی با ئێمە وەستای پڕۆژەو کرداربین نەک کۆڵەواری هەردوو بوار بین.

خوای گەورەش پێمان دەفەرموێ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ) (سورة التحريم : ٦) و پێویستی دەکات لەسەرمان کەچۆن خەمی ئێستاو ئایندەی خۆمان دەخۆین ئاواش دەبێ لەخەمی خانەوادەو ڕۆڵەکانمان دابین و پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت (مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلاَّ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ وَيُنَصِّرَانِهِ وَيُمَجِّسَانِهِ) رواه مسلم في صحيحه رقم: ١٩٢٦.وە ئێمان دەگەیەنێ کە دایک و باوک و دەوروبەر هۆکارێکی سەرەکی لادان و خلیسکانی ڕۆڵەکانن.

لەکۆتاییدا دوای دەستخۆشی[illegible]نی ئەو پڕۆژە هیوادارم ئەمە ببێتە سەرەتاو دەسپێکێک تاکە ئایندەیەکی نزیکدا ببێتە پڕۆژەی [illegible]انترو گەورەترو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بیکاتە خەمی خۆی و تێکەڵی بەرنامەی خۆی [illegible]ەرەتی بکات ، تا سەرجەم ڕۆڵەکانمان لێ ی بەهرەمەندبن .

خاڵی گەورە یادداشتی هەموو ئەوانەو بداتەوە که به قەڵەم به ووشه به هاندان به ماڵ بەشداری [illegible] ئەو پڕۆژە گەورەیە بوون

[illegible] ورحمة الله وبركاته

محمد سینەمۆکی

٢٩-جمادى الاخر ، ١٤٣٣ ی کۆچی ، ٢٠١٢/٥/٢١ میلادی

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library